عێراق سوتەمەنی بۆ فەڕەستین دەنێرێت

مانگی سوری عێراق، بەڕێکردنی کەشتییەکی لە بەندەری بەسرە بەرەو فەڕەستین ڕاگەیاند کە 10 ملیۆن لیتر سوتەمەنی بارکردوە و وەك یارمەتیەکی حکومەتی عێراقە بۆ کەرتی غەززە. مانگی سوری عێراق لە ڕاگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە، ئۆوارەی ئەمڕۆ پێنجشەممە، کەشتیی هەڵگری باری سوتەمەنی لە بەندەری بەسرە بۆ کەرتی غەززە لە ڕێگەی کەناڵی سوێسەوە لە ڕێگەی دەریاوە بەڕێکەوتوە.

ئاماژە بەوەشکراوە، تیمی مانگی سوری عێراقی باری سوتەمەنی دەگەیەنێتە مانگی سوری میسر، پاشان لەڕێگەی دەروازەی ڕەفحەوە ڕەوانەی مانگی سوری فەڕەستین دەکرێت.